سیستەمی یەك ئە نجومەنی یا دوو ئە نجومەنی، کامیان لەبەرژەوەندی ئێمەدایە؟

خالید هەرکی

یۆنانیە کۆنەکان خاوەن کۆنترین شارستانیەتو دیموکراسین، بە تێگەیشتنی ئەوان لەو سەردەمەدا پیادەکردنی دیموکراسیەت کاتێك دەبێت کە میللەت خۆی حوکم لەخۆی بکات بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە رێگەیەکی دەسەلاتی سیاسییانە، بەلام دیموکراسیەت بە مانای نوێ ئەوەیە کە میللەت چاوگی دەسەلات بێ، رێگە بە چەند کەسانێك دەدات کە لەجیات ئەوان حکومڕانیان لێبکەن، لەسەر ئەم بناغەیەو بەم تێگەیشتنە سیستەمی نوێنەرایەتی کردن بوو بە نموونەو سومبولی دیموکراسیەتی نوێ. لەگەلّ گوڕانکاریەکانی سیاسی نوێدا گەلّ جۆری دیموکراسی نوێ هاتەکایەوە کە لەو رێگەیەوە توانرا میللەت بەشداری لەحوکمڕانی بکات ئەویش لەرێگەی نوێنەرەکانیان. لەبەرئەوەی باسەکەمان لەسەر شێوەی حوکمڕانیە نەك دیموکراسی بۆیە دەبێ بابەتی دیموکراسی بۆ نووسینێکی تر جێبهێڵنو روو لەشێوەی بەشداریکردنی خەڵك لەحوکڕانی بکەم لەرێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یا پەرلەمان یا هەر ناوێکی تر کە لەسەری رێك بکەوین.

لەئەنجامی گەشەکردنی مێژووی بەرهەم هێناندا کۆمەڵێك گۆڕانکاری دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێویست بە دامەزراندنی ئەنجومەنێك کرا کە نوێنەرایەتی کۆمەڵانی خەڵك بکات، بۆ دەربڕینی ویست و بۆچوونەکانیان بە تایبەتیش ئەو گەلانەی لە چەندین چین و توێژ پیکدەهاتن کە دوورنییە خواستەکانیان لەهەندێك سووچدا دژ بەیەك بووبن، کەواتە دروستبوونی ئەنجومەنی نوێنەرایەتیەکان یا بە زلتر بڵێین پەرلەمانەکان زەرورەتێکی رواڵەتی بوو نەك دروستبوونێکی ئایدۆلۆژیانە راستیەکانی خۆیان لەسەر بنەمایەکی پراکتیکی وەدەست هێناوە.

فەرهەنگو فەلسەفەی دروستبوونی ئەم بیرۆکەیە لەبەریتانیا بە فەرهەنگی ئەنگلۆ سکسۆنیی براگماتیکی دەناسرێتو هەروەها بە فەرهەنگی چارەسەری پراکتیکیو ململانێ لەپێناو بەرژەوەندیەکان دەناسرێتو دەژمێردرێت.

گرتنەبەری ئەم رێچکەیە لە بەریتانیا بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانیان بە باشترین رێچکە دانرا بە تایبەتیش بۆ چارەسەرکردنی کێشە درژە بەرژەوەندییەکانی نێوان مەلیکو بارۆنەکان، ئەمانە کاتێك بوون کە تەنیا بیر لەدامەزراندنی ئەنجومەنێك دەکرایەوە، بەڵام دوای دۆزینەوەی دونیای نوێو دەستپێکردنی راپەرینەکان لەئەوروپاو گەشەکردنی چینی بۆرجوازو دەوڵەمەندبوونیان بیرۆکەی ئەوە هاتە گۆڕێ ئەم چینە دەبێ باجی ئێکسترا بدات (زیادە) ئەوەبوو مەلیکەکان داوای باجی ئێکسترایان بەسەردا سەپاند، لەئەنجامی یاخی بوونیان بە نەدانی باجەکە لەسەر داوای ئەوان بە پێویست زانرا کە ئەنجومەنێکی تایبەتیی بۆ ئەم بابەتانە دروست بکرێت ئەوەبوو کرا بە دوو ئەنجومەن (ئەنجومەنی عەوم، ئەنجومەنی لۆردات) بەم شێوەیە سیستەمی دوو ئەنجومەنی بوو بە رێگەچارەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی داخوازییەکانی دژە بەرژەوەند یا فرەپێکهاتە. (لەگەلّ ئەوەشدا تا ئەمرۆ پەرلەمانی بەریتانیا دەستورێکی نووسراوی نییە بۆیە بە پەرلەمانی عورفی ناو دەبردرێت نەك پەرلەمانی دەستوری). بە هەرحاڵ هەمان شێوە لە ئەمریکا کاتێك وڵاتەیەکگرتووەکان دەستورێکیان بۆ ١٣ وڵاتی کشتوکاڵی بە یەکسانی دانا، دواتر بوون بە ٥٠ ویلایەت دیارە لەئەنجامی زۆربوونی ژمارەی وڵاتەکان ناکۆکیەکان سەر هەڵدەدەن ناچار بیر لە دانانی دەستورێکی تر کرایەوە دەستورێك کە ماف و بەرژەوەندی ویلایەتەکان بە گشتی بپارێزێ بێ ئەوەی گوێ بە رێژەی دانیشتوان بدرێت، ئەوەبوو ویلایەتە پیشەسازیەکانی باکور لەگەلّ بۆچوونی مەرکەزی دابوون بەڵام ویلایەتە بچوکەکانی کشتوکاڵی خوارو لەگەلّیا دژ بوون، تا شێوەچارەیەکی وا دۆزرایەوە کە دڵنیاییەك بە ویلایەتە بچوکەکان بدات بەوەی کە وڵاتە مەزنەکان بە هۆی زۆری رێژەی دانیشتوانیانەوە پێشێلی مافی ویلایەتە بچوکەکان ناکەن. تا لەسەر ئەوە رێککەوتن دوو ئەنجومەن لەناو یەك ئەنجومەندا کۆکەنەوە (ئەنجومەنی نوێنەران لەگەلّ ئەنجومەنی پیران لەناو کۆنگرێسدا یەك بگرنەوە)، یەکێکیان بۆ نوێنەرایەتی لەسەر بناغەی رێژەی دانیشتوان بۆ سەرجەم ویلایەتەکان بە یەکسانی.

دواتر ئەم سیستەمە بوو بە سیستەمێ، لەزۆربەی وڵاتانی جیهانو بەتایبەتیش لەئەوروپا پیادەکرا، کە ئێستا هەموو وڵاتانی ئەوروپا دوو پەرلەمانیان هەیە گەر زیاتریان نەبێ، بە تایبەتیش ئەوانەی پێکهاتەی دانیشتوانیان لەفرەنەتەوەو فرە زمانو فرە ئایین پێکهاتوون.

ئەم دوو ئەنجومەنە دەکرێ بەناوی ئەنجومەنی بالاو ئەنجومەنی نزم ناویان ببەین، دیارە ئەم سیستەمەش بە تایبەتی بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکانی دونیا یا فیدڕالیزمیەکان زەرورو پێویستە، ئەم شێوە وڵاتانەی کە لەچەندین هەرێم پێکهاتوون لەرووی رووبەرو ژمارەو داهاتیشەوە یەکسانو لەیەکچوونین، هەربۆیەش دەبینین ئەگەر ئەم جۆرە وڵاتانە لەسەر سیستەمی یەك ئەنجومەن بڕۆن ئەویش لەسەر بناغەی رێژەی دانیشتوان نوێنەرایەتی لەئەنجومەندا هەبێ، ئەوە گومان لەوە دانیە کە هەرێمە گەورەکان لەرووی ژمارەی دانیشتوانەوە هەرێمە بچوکەکان لوش دەدەن، لەبەر ئەم هۆکارە دوو ئەنجومەنی بە پەسند دەزانرێ کە ئەنجومەنێك لەسەر بناغەی رێژەی دانیشتوان نوێنەرایەتی بکات ئەوی تریان لەسەر پێوەرو بناغەی هەرێمەکان بێت، ئەمەو بۆرێگەگرتن لەپێشێلکاری یەکێکیان سوود لەویتر وەردەگرێت. بۆ دیاریکردنی دەسەلاتو کارەکانیان لەرێگەی دیالۆگەوە لەنێوان پێکهاتەکانی مللەت دیاری دەکرێت.

ئەوەی تا ئەمرۆ کاری پێکراوە ئەنجومەنی نزم کە نوێنەرایەتی سەرجەم میللەت دەکات لەسەر بناغەی رێژەی دانیشتوان کاری پاسا دانان دەکات، ئەنجومەنەکەیتر واتا ئەنجومەنی بااڵش بۆ راوێژ یا پەسندکردنی بڕیارەکانی پاسا دانان یا هەر کارێکیتر کە لەسەری رێك دەکەون. لەو وڵاتانەی کە بە پێی نەریت یا دیاریکردنی دەسەلات ناویان لێنراوە لەهۆڵەندا بە ژووری یەکەمو بە ژووری دووەم ناودەبرێت، لەمیسر کە لەدوای ئوردن بە دووەم وڵاتی عەرەبی دادەنرێت کە خاوەنی دوو پەرلەمانە بە ئەنجومەنی گەلو ئەویتریان بە ئەنجومەنی شوورا ناو دەبرێت کە دەسەلاتەکەی تەنها بۆ راوێژ پێکردنە لەگەلّ پاراستنی ئامانجەکانی شۆڕشی ١٩٥٢ ـ ١٩٧١ لەئوردن بە ئەنجومەنی ئەعیان ناو دەبرێت کە بۆ بوون بە ئەندامێتی ئەم ئەنجومەنەش چەند مەرجێکی تایبەتیان هەیە ئەویش دەبێ ئەندامەکە یا سەرۆك وەزیر یا وەزیری ئێستا یا کۆن بووبێ یا کۆنە ئەفسەری خانەنشین بێ کە پلەکەی لەفەرماندەی لیوا کەمتر نەبێ یا ئەندامی پێشووی پەرلەمان بووبێ کە بڕوای میللەتی بە دەستهێنابێ.

هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد ئەم سیستەمە بە تایبەت بۆ دەوڵەتە تازە دروست بووەکان یا ئەوانەی تازە لەژێر رکێفی دیکتاتۆریەت رزگاریان بووە سیستەمێکە ئەلتەرناتیڤی نییە.

لەدیدی روانگەی ئێمەی کورد لەکوردستانی باشووری لکێنراو بە عێراقەوە بۆ ئێمە دوو ئەنجومەنی پارسەنگو فلتەرێکە تا لەتەوژمو خواستی شۆڤێنیزمەکانمان بپارێزێت کە لەداهاتوو بە بۆچوونی من زیاتر گەشە دەکەنو سەر هەڵدەدەن لەقۆناغی لاوازەوە دەچنە قۆناغێکی بەهێزتر ئەویش بەهاوکاری دراوسێ چاوبرسیەکانمان لەدوورو نزیکەوە.

من پێموایە کە باشترینو زەرووترین رێگر لەبەردەم ناحەزانمان کە بتوانین ئەو نیمچە دەستەکەوتانەی بە دەستمان هێناون گەر گەشەشیان پێنەدەین ئەوە لەفەوتان بیانپارێزین، لەم روانگەیەوە من دەتوانم بۆچوونەکانم پشت ئەستوورکەم بە چەند خاڵێك:

١ ـ دوو ئەنجومەنی رێگە لەیەك ئەنجومەنی یاسا دانان دەگرێت گەر بیەوێ لەرێگەی دەنگدانەوە مافی هەرێمێکی بچووك بخوات یان پێشێل بکات.

٢ ـ دابەشبوونی دەسەلات لەنێوان هەردوو ئەنجومەندا زۆرداری یەك ئەنجومەنی لەناو دەبات.

٣ـ دوو ئەنجومەنی ئاستی توانای ئەندامان بەرزتر دەکات، لەکاتێك ئەندامان لەیەك ئەنجومەنی لەرێگەی هەڵبژاردن کورسیەکانیان وەدەست دەهێنن دورنیە کەسانی پسپۆرو دڵسۆز و شارەزا توانای لەجەماوەری سادە دیار و بەرچاو

خالید هەرکی

نەبێت لەئەنجامدا لەم هەڵە بێبەش دەبین، بەڵام لەحاڵەتی بوونی ئەنجومەنی دووەم دەکرێ لەو ئەنجومەن کەلك لەتوانایان وەربگرێت.

٤ـ لەدوو ئەنجومەنی پەلە لەداڕشتنو دەرکردنی یاسایەك ناکرێت خۆ ئەگەر شاشیەکیش بەسەر ئەنجومەنی یەکەمدا رەت بکا، ئەوا ئەنجومەنی دووەم راستی دەکاتەوە.

٦ـ دەسەلاتەکان لەلایەن ئەنجومەنێکەوە دەستی بەسەردا ناگیرێت بەلکو لەنێوان دوو ئەنجومەندا دابەش دەکرێت بەم شێوەیە نوێنەری زیاترین چین و توێژ لەراپەراندنو یاساداناندا بەشداری دەکەن.

Khlidherki@chello.nl

بۆچۆنێن د. قاسملۆ یێن دوهی دگەل ئەقرۆ

فەهمی سلێڤانی

چەند بۆچۆنو شلۆقەیێن دوهی دگەل ئەقرۆ، دناڤەرۆکا پەرتۆکا د. قاسملودا، کو بویە سەربۆرو مفایەکا دیرۆکی. ئەو پەرتوك، دێنەکا راستەوخۆیە، دشۆرەشا دۆزا گەلێ مەیێ کورد دە، لپارچێ رۆژهەلاتێ کوردستانێ. دیسان کورتیێەك ژ دیرۆکا پارتیا دیموکراتا کوردستان ـ ئەیران و باوەشینەك لسەر مێژووا د. عبدالرحمن قاسملۆیی شەهیدو بابێ ویێی کو ژ کەسایەتیەك گەرناسین کورد بو، یێن کو هەردەم گرێدای خەباتو شۆرەشێ، یا فەرە بێژین، نەتەوامەیا کورد، بهەمی تەخەو توێژانڤە، داخبارێ کەساتیا د. قاسملۆ بوینە، ئەڤ کەسایەتیا، کوژ ژ یێی خوەیێ بچویك، هەمی ژیانا خوە تەرخانکرب، ژبۆی خەباتو گەلێ خوەیێ ستەم دیدار هەلوێستێ وی یێ پیرۆزێ نویژەنکرنا پارتی دیمکراتی کوردستان ـ ئەیران و دیسان تێگەهشتنو هۆشمەندی یا ویێا دوبلۆماسی، دواڕێ گرێدانا پەیوەندیان دە، بتایبەتی دگەل سوشیالو کۆمۆنیستێ جیهان، مینا سوشیالزما فرەنساو جیکوسلۆڤاك. هەروەها دوی کاوودانێ نازکدا ـ قاسملۆ هاتە هەلبژاتن، دچەپەرێ یەکێدا، دناف رێزێن پارتی یا دیموکراتا کوردستان ـ ئەیران ـ دیسان چاوانیا دەست بەردانای، ژ ئەیرانێ بەرەو بڕاغ دەربەدەربوی. کۆماوە بۆ ماوەیەکی دن دهاتە کوردستانێو بەرەو ئەوروپا دچۆ، بڕیکا سوریو عێراقێ، بەڵێ دیسان دەست ژ خواندنا خوە بەرنەدا، تاکو شەهادا دکتۆرا دواڕێ ئابۆری دە، ل کۆلیژا کارل مارکسی بدەستهێنا، ل ١٩٦٢ یێ دڤی واری دا د.قاسملۆ بەردەوام پالدەرەکێ سەرەکی بو، ل گەل قوتابییان ل ئەوروپاو ململانا وانا ئایدۆلۆجی ـ دیسان لێکۆلینەرەکێ شوسیالزمی بۆ، پەرتوکەك بکورتی هەیە بناڤێ (بحب مختصرحول لاوازیا کۆماریّ دبواریّ ئابۆریو جەماوەری دە، دیسان کۆمار دحالەتەکێ خوەپاراستنێ دابو نەك هێریشێ، هەر تەڤگەرەکا شۆرشگێرانە، پیلانا سیاسەتا خوە بێختە دواڕێ خۆپاراستنێ دا، دێ گۆرا خوە بدەستێ خوە کۆلت. دهەمان کاتدا یەکێتیا سۆڤیەت چ ئاریکاریا پێتڤێ نەدا کۆماریو بزمانێ ڤەگوهاستنا بەرژەوەندیان مامەلە دکر، یا فەرە بێژین کو سۆڤیەت راوەستا کە بۆ خوە ل شانۆیەکێ مێژەدکەت، بەرامبەر ئاریکاریا ئەمەریکاو بریتانیا، بۆ حکومەتا مەرکەزی. دیسان نابێ ئەم وان ئەگەرا بکەینە ئەگەرێن سەرەکیێن سیاسی، یاپێتڤی بو گەل دیفاعێ ژمەکاسبێن خوە بکەتو خوە راگرتو باوەری بخوەو هێزو شیانێن خوە هەبتو ئەو بریارا کوژەکنەدابا، هەلبەت ئەڤە هەمی ئەگەرێن رۆخاندنا کۆمارا کوردستانێیا ئێکا نەبو! بەلێ ئیرۆ مە ئەو ئومێد هەیە کو نەك تەنها ئەڤە بومە بهت چەند لایەرەکێن هونەریو هەلبەستو ژبەربکەین. یافەرە ئەڤە هەمی بهت سەربۆرو مفای ژێ وەربگرین، ژبەر ڤان مکاسبێن کو ئیرۆ ئەم ل باشووریێ مەزنێ کوردستانێ گەهشتینێ، بلا ژبیر نەکەین ئەڤە هەمی هاتە ئاڤاکرن بکلۆخێن وانو خویناوان شەهیدا، بەلێ یافەرە بێژین ئەڤە پازدە سالن کوردستان رزگارو حکومەتا کوردی لدارە! ؟ بەلێ بۆچ تا ئیرۆ نەشیاینە سەرخوەبونا ڤێ پارچێ رابگەهینن؟ تو بێژێ بهتر ئەوتر سەبویەیا کو کۆمارا کوردستانێ راگەهاندیو کەسێ دەستێ ئاریکاریێ نەدا، تا ئیرۆ ئەم ژوێ رۆژێ دچنقین؟ یا تو بێژی نەکسا شۆرەشا ئەیلولێ، بدەهان نەکسێن دی ژێن کو یەك لدیف یەکێ بویە ئەگەرێ هندێ کو ئەم ژنافێ سەرخوەبونێ بچنقین و هەردەم تر سو لەرز دسینگێ مەدابێ؟ بسەدەها پسیار هەنە، ژ چل ملیۆنا و هەمی جۆرێن ستەمکاریێ لێ هاتینەکرن و لێتێنەکرن، تا ئیرۆ بدەستێ حکومەتێن مەرکەزیێن دکتاتور، دوهی ژمەزانناترین خودانێ ڤی هەلوێستی بون لێ ئیرۆ ژمە نەزانترن و هەربەردەوامن لسەر وی هەلویستی! پسیار پسیاران رادکێشتو یافەرە ئەم ئەگەرێ سەرەکی بزانین، ئەرێ بۆچ تا ئیرۆ ئەڤە پازدە سالا ئەم دباشووریێ مەزنێ کوردستانێ دە دەولەتێن و نەوێرین ڤێ دەولەتێ رابگەهینن؟ ئەم باش ئێشو ئازارێن خوە دزانین، کو ئەگەر ئەم یەکباین دا چ کەین و دکیش قۆناغێ دابین! ؟ دەمەکێ مە دگۆت حکومەتا مەیا ساڤایە: بەلێ ئیرۆ ئەم چ بێژین؟ بێژین پیربویەو بەرەو مرنێ ڤە دچیت! ؟ یانژی بێژین کەنچەکێ چواردە ساڵە و دێ دونیایێ هەژینت و وی سینگێ خوەیێ پیلایی، هەر چار دیوارا شکینیت و کتەیەك پارچەو بەرەو ئاسمانێ کوردستانێ فرتو بتە ستێرەکا گەشاڤی گەردونی و نمۆنێ ئاشتی و ئارامیا ئازادیو دیمکراسیێو دێ راست بتە باخچەیەك بوهەشتێو هەمی فرشتە خوە ژقولاجکێن تاری دەرێخنو ڤی وەلاتی ژتاریێ رزگار کەنو بتایبەتی ژخەوا پرۆپاگندا رزگار ببەن، یا کو دبێژنێ حکومەتا هەولێرو سلێمانی، یان فیفتی فیفتیا یەکێتی و پارتی، یان ئاخینکێن گەندەلی، ململانا بەرزکرنا کەلها دم دمو، پارچەکرنا گولێن باخچەیەکێ چڤاکی، یا کو دبێژنێ (التشتت العائلی) مە ڤە دگێرن دچەرخێ سەرمایەدارێن، کو ئیرۆ ئەو (جمع شمل العائلە) دکەن، بەرۆژڤازی مە ئەو وێ تەخمینێ دانە کو ئەڤەیە شارستانی، هەر تشتێت مە بڤێت، ئیرۆ مەبدەستڤە ئینایە، تەنها جورعەت مایە گەل بریارێ بدەت، لسەر با شوخرا باو، دژی ڤێ پاشکەفتنا هەردوو ئیدارا رابنو دیسان وەکو جاران بمەسیرێ مە کاسا مەی، دانەگرنوو، خوە سەر خۆش نەکەنو ژواقعێ مەیێ ئیرۆ دویر بێخنو خوە دکەسەکێ نەگەهینو هەرێ کێژۆگێلبن! ! : ئەو دەم چۆ ئەوا مەدگۆت ئەم بێ دۆستۆ بێ کەسین، ئیرۆ دوژمنێ مەیێ بێدۆستو کەسە، ئەم بدۆستوکەسین: ئیرۆ ئەم دچەرخێ ٢١ کاندانە، هەژاریا سیبان، کاوودانێ بابەتیو خودی بێ گەلێ مەو وەلاتی، ژهەمی ئالیانفە، بەرهەڤە ئاریکارە، کو ئەم سەرخوەبونێ رابگەهینن، دیسان ئەز دبێژم مە پێویست بیە کبونەکا رەسەنا هەردوو ئیدارانە هەیە، ئەڤەژی دکەڤتە سەر ژانێن گەلێ مە کو ئەڤێ بریارێ لسەر هەردوو ئیدارا فەرزکەتو مافێ چارەنووسێ خوە رابگەهینت، چونکە ئیرادا مللەتان مەزنترە ژهەمی هێزا، گەر چەندێ بمەترسو مەزنبێ!.